# ڕۆشنبیر و دەسەڵات(ڕەخنەیەکی دیموکراسییانە بۆ بانگەشەکەرانی دیموکراسییەت)



**ساقی بارزانی**

www.klawrojna.com

**بەرایی:**

**کێشەی ڕۆشنبیر و دەسەڵات تیوریەکی بەرفراوانی فەلسەفییە! تێز و ئانتیتێزێکی دیالکتیکانەیە. ڕەوتی مێژوو ئاخنراوە بە ململانێی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵات یا خود بەرەی گۆڕانکاریخواز وبەرەی دژەگۆڕانکاری... هێزی فیکری و داهێنان و هەست پێکردن بە کەم و کوڕییەکانە کە دەبنە فاکتەری گۆڕانکاری هزری وکۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری..هتد. ڕۆشنبیر ووشەیەکی پڕواتایە . بە بۆچوونی من ڕاڤەی ئەو تاکەیە کە لە کات و ساتی خۆی و کۆمەڵەکەی لە ناو ڕەڕەوەی مێژوو بەئاگایەو خوازیاری بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگەی چەق بەستوویەتی و لە قالبە داڕێژراوە حکوومی ، ئایینی و هزرییەکانی دەسەڵاتە چەواشەکارەکان بۆ بەربەرەکانی یە ناڕەوا و داڕێژراوەکانیان نامێنێتەوە. و هەروەها لاسایی نیوەچڵی ڕووناکبیرانی بیانی بە بێ تێگەشتنی لە چەمک و پرەنسیپەکان ناکات.**

**بەبوچوونی من ڕۆشنبیر ی ڕاستەقینە لە هەر کوێ بێت ئەرک و بەرپرسیارێتی مێژوویی خۆی بە جێ دەگەیەنێت. چ لە ناو دەسەڵاتدا بێت و چ لە دەرەوی دەسەڵات. هەر چەند ئەوانەی کە لە ناوەوەن بازنەی بڕیاردان و بەرهەڵستکارییان تەسکتر دەبێت و خواستی گۆڕانکارییان لاوازتر و خێرایی کەمترە، بۆیە لە ئاکامدا ناچار دەبن بچنە دەرەی بازنەکە بۆ بە جێ گەیاندنی بەرپرسێتییەکانییان .**

**ڕۆشنبیرە کۆمەڵگا بەرەو شۆڕش و گۆڕینی پۆزیتیڤ دەبات و گەر سەریش کەوت هێشتا خۆی نائاخنێتە نێو قاڵبی داتاشراوی حکوومی و نابێتە کۆنسرڤەتیڤ. زۆربەی شۆڕشگێران کاتێک کە دەگەنە ئامانجەکانیان فۆرمی کۆنسرڤەتیڤ و کپ بوون هەڵدەبژێرین، بەڵام ڕۆشنبیری ڕاستەقینە بەردەوام بەرەو گۆڕانکاری و پێشڤەچوون هەنگاو دەنێت کە واتە ڕۆشنبیری واتە: هێزی هزریی دینامیکی گۆڕانکاری بەرەو چاکە .**

**ڕەخنەو پێشنیار بە شێوازی دیالۆگ و جوان لە تاک یان کۆمەڵێک، دەبێت بە ڕێزەوە ڕەچاو بکرێت ،ئەگینا ئەو تاک یان کۆمەڵە قەتیس و نەگۆڕ دەمێنێتەوە. سایکۆلۆژیای کۆمەڵناسی ئەوەی سەلماندووە کاتێک کەسێک یان کۆمەڵێک قەتیس مایەوە، هێزی هزریی دەمرێت و پاشتر زووتر و سانایی‌تر لە ناو دەچێت. بە داخەوە هێشتا دیاردەی ڕەخنە لە دەسەڵات، لە ناوماندا بە شێوەیەکی زانستی و دیموکراتیک قبوول نەکراوە**

و زۆر بە توونديش بەرپەچی دەرێتەوە و ڕەخنەگران(ئەوانەی لە بازنەی دەسەڵاتەکەن) سزا دەدرێن و ئەوانەی لە دەرەوەشن بە شاباش کردنی هەندێ کوڵکە نووسەری بەکرێگیراو دەمکووت دەکرێن .لە کاتێکدا لە وولاتانی ڕۆژئاوای دیموکراسیدا، ڕەخنە لە سەرۆکۆماریش دەگیرێت و تەنانەت دەخرێتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان و دەیکەنە کاریکاتۆر و مایەی گاڵتەجاڕی و لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا هێشتا بقەیە...

مەلا بەختیار بەڕێوەبەر و پرۆپاگەندەکەری ڕێکخراوە دیموکراسیەکان، بەرپرسی لاوان، بەرپرسی ئولەمپیک و بەرپرسی بنکەی گەلاوێژ و خاوەنی گۆڤاری مەدەنییەت و ئەندامی مەکتەبی سیاسی ینک و خاوەنی چەندین لێپرسراوێتی و خاوندارێتی نهێنی یە......هتد. دیارە لە هەموو بوارەکانی وەرزش و ڕۆشنبیری و سیاسەت و بازرگانی زۆر چالاکە . کاتێک بەڕێزێکی وەکو ئەو ڕەخنە لە ڕۆشنبیران دەگرێت وپێی وایە: **ئەو برا عازیزانە بەکرێگیراو ن و تێنەگەشتوون و قسەی حەلەق و مەلەق و پرۆپاگەندەی ژەهراوی دەکەن و تەنانەت زیانبەخشن لە ڕەوتی پرۆسەی دیموکراسیکردندا، ئەو ڕەوتەی کە وەک خۆی فەرمووی: پرۆسەی دیموکراسی کردن بە هەموو ئەو قوربانییانەی داومان نەوەستا 1** !!! ئەمە کارتێگەرییەکی بەرچاوی دەبێت بە سەر ئایدیولۆژیا و پرۆسەی دیموکراسیخوازیی ڕاستەقینە و سەردەمیانە و ئەم ووتانەی بەڕێزی زۆر نەشیاو و زەفترن لەوەی پینە بکرن بە چەمکی دیموکراسی ، چونکە هەر ئەو شێوازە بیر و بۆچوونەیە کە سەروە لێژ ی خوارەوە دەبێت و کاریگەر دەبێتە سەر گروپێکی گەورەتر، چ لە ناو بازنەی دەسەڵاتی خۆی و و چ لە دەرەوەیدا .بە ژەهراوی ناساندنی بیروبۆچوونەکانی ڕۆشنبیران خۆی واتایەکی دژەدیموکراسییە و پێچەوانەی بانگەشەکانی بەڕێز مەلا بەختیارە ! کە لە بنەمادا دژە دیموکراسی بوون فیکرێکی ژەراوییە. بە بۆچوونی ئەو، ئەوانەی دژ بە خواستی دەسەڵاتن دژ بە گەل و دژ بە ئامانجە پیرۆزەکانی گەلی کوردیشن، پێویستە لێیرەدا لێی بپرسین کۆی 2 میلیون دەنگ بۆ سەربەخۆیی کە تەنیا داخوازی گەلی کوردە چی بەسەر هات و چۆن گوزارشتان لێکرد؟

هەڵبەت ئەگەر بۆ دیموکراسی بەپەرۆش بوایە هەندێک لەو پۆستانەی کە پێوەی لە دایک بووە، دەدا بەو گەنجە لێهاتووانەی کە پسپۆڕێتییان لەو بارەیەوە هەیە. لە وولاتانی دیموکراسیدا زۆربەی سیاسەتمەدارەکان یەک یان دوو پۆستییان لە بواری پسپۆڕی خۆیان هەیە بۆ ئەوەی بتوانن باشتر خزمەت بە جەماوەریان بکە ن، ئەگەر پتریش بێت هەر لە بواری پسپۆڕی خۆیدایە و بە شێوەی کاتین، بەڵام بەڕێز مەلا بەختیار بە بێ خاوەنی بڕوانامەیەکی ڕاست، خاوەنی سەرجەم بوارەکانی وەرزش و دیموکراسی و بازرگانی و ڕۆشنبیریی هەتاهەتایی‌یە !!! ئەمە خۆی دژی چەمکی دیموکراسییە.

ئەگەر ڕۆشنبیران و ڕەخنەگران نەبن لەوانەیە ژمارەی کۆنەجاش و بە عسی و ئەنفالچی‌یەکان لە ڕیزی نیشتمانپەروەرانی ئێستادا لە هەڵچوون بایە. ئەگەر ڕۆشنبیران نەبن کێ باس لە گەندەڵی حیزبی و ئاکاری و خەیانەتی بەرپرسەکان بکات ؟ کێ باسی دەستدرێژیی ناو قووتابخانەکان بکات ؟ کێ باس لەو قەلەمفرۆشانە بکات کە بە زەبری پارەو دەسەڵات کراون بە ڕۆبۆتی بەرهەمهێنەری پەسەندکراوی ڕۆشنبیریی دەسەڵات و دەیبفرۆشێتەوە بە خەڵک؟ لە هەمووی گرنگتر کە ڕۆشنبیر و ڕەخنە نەما ، کێ و چی دەبن بە

پێوانه ی چاک و خراپ؟ ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیر نوما؟ شۆڕشگێڕی و خەیانەت؟ گەندەڵی و پاکی ؟ ڕاسترەوی و لارڕەوی؟ ڕۆشنبیر تیشک دەخاته سەر سیمای نەبینراو و شاراوەی جەمسەری دووەم . ئەگەر ڕۆشنبیر نەبێت پێوانەکان و قالبەکان له لایەن دەسەڵاتەوه بۆ جەماوەر چێ دەکرێن و ئەوەی دەسەڵات لای پەسەندە جەماوەریش به سوپاسەوە وەری دەگرێت و چەپڵەشی بۆ لێدەدات . دەسەڵات هەمیشه هێزی بڕیاردانی چارەنووسی گەلیش به مافی ڕەوای مۆنۆپۆلەکراوەی خۆی دەزانێت . و لێیان زەوت دەکات هەروەکو ئێستا باوه. ئەمەش دەگەڕێتەوه بۆ کەمی ڕۆشنبیری ڕەخنەگر که واته کەمی ژمارەی ڕۆشنبیرانی ڕەخنەگەر قەیرانێکی دیموکراسییه.

سەرکەوتن و ڕاستییەکان لای ئێمەن 2 !!؟؟ ئەمه ووتەی هەموو دیکتاتۆرەکانی مێژوویه نەک هی بەڕێز مەلا بەختیار، بەڵام کام سەرکەوتن ؟ ڕاستییەکان چین ؟ ڕواڵەت و ناوەڕۆک کۆکن؟ کام ڕاستییانه؟ پێوانەی ڕاستی چیه؟ سەرکەوتنی گەل و ئامانجەکانیان یان دەسەڵات و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی حیزبی و تاکەکەسی؟ سەرجەم دەستکەوتەکانی دەسەڵاتیی ئێستاش کاتین! هیچ گارەنتییەک بۆ ئەم دەستکەوتانەی ئێستای حیزبەکان نیه.ئایا ئەم پشتگوێ خستنەی دەنگی جەماوەر و هەڵاواردنی داخوازییەکانی. خۆی له خۆیدا ڕەت کردنەوەی دیموکراسی و هەنگاو نان بۆ پاشەوه نیه؟ ئەمه پرسیار گەلێکن که دەبێت له بەڕێزی بکرێت.........

---

1،2،

ووتەکانی بەڕێز مەلا بەختیار